سەربازگەی دووبز بە ئەنفالکراوانی ژن و منداڵ.. عەلی مەحمود محەمەد

بەشێك لە ژن و منداڵەکان و کوڵانی خوار تەمەن 15 ساڵ و منداڵانی بچووکی جیاکراوەی تەنها لە کەسوکاریان, دوای جیاکردنەوەیان لە زیندانی سەربازگەی تەبزاوەوە, گواستراونەتەوە بۆ فەرگەی شەکردن لە دووبز"مەقەر کەتیبەی هەندەسەی عەسکەری", زیندانیان لە تەبزاوەوە بۆ ئەتەمبیلی ئیڤای سەربازی و گەیابو ... گواستراونەتەوە بۆ سەربازگەی دووبز, گروپێکی دیکە لە تەبزاوەوە بۆ ئەتەمبیلی داخراو بردراون بۆ سەربازگەی دووبز, یەکەم گروپ شەو گەیشتونەتە زیندانەکە لە کاتێکدا کارەبای ناوچەکەیان بڕیوە, بۆ ئەوەی خەڵك ئاگادار نەبێت لە هاتنیان.
ئەو سەربازگەیە پێشتر کە هێزی کەماندەی عێراق – مەغاویر "مەقەر کەتیبەی هەندەسەی عەسکەری" مەشقیان تێدا کردووە, کەوتەتە قەراخ شارۆچکەکە لە نزیك فلکەی ڕەگای نەوان کەرکووك – مووسڵ, سەربازگەیەکی کۆنتر و پڕپوتتر بوو لەوەی تەبزاوە.
دووبز گوندێکە لە ساڵی 1953 دروستکراوە, لە ڕێکەوتی 14-8-1960 بووە بە ناوەندی ناحیە, لە ڕێکەوتی 4-9-1972 ەوە کراوە بە ناوەندی قەزا.
دووبز قەزایەکە سەر بە پارێزگای کەرکوك, پێشتر ناوی دووبز بووە. لە 31 کم باکووری ڕۆژئاوای ناوەندی شاری کەرکوکە, 25 کم لە باکووری حەویجەوەیە, لە باکووریەوە قەزای دەشتی هەولێر و لە ڕۆژئاواوە قەزای مەخمورە.
وشەی دووبز وشەیەکی لێکدراوە لە دوو کەرتی ژمارەیە و (بز) واتای لك، لە سەر زەی بچووك هەڵکەوتووە لە ئاستی شاری دووبزدا زەی بچووك دەبەتە دوو لق, بەیە ئەو ناوەیان لە ناوە, ئێستا بە فەرمی بە دبس ناو دەبرێت.
سەربازگەکە بە تەلبەندی بەرزی دەکاوی دەورە درابوو, ئەم سەربازگەیە بەکار هاتووە بە ماوەی نزیك لە حەوت مانگ لە 17ی چواری 1988ەوە تا کۆتایی مانگی دە, ژن و منداڵی ئەنفالی تێدا کەکراوەتەوە.
سەربازگەی دووبز دوا وەستگەی مانەوەی ژن و منداڵە ئەنفالکراوەکان نەبووە, بەڵکە لەوە ئامادە کراون بۆ ناردنیان بۆ زیندانی

سەربازگەی نگرۆ سەلمان و زیندانی تکریت, لە تکریتیشەوە بە گۆڕە بە کامیۆنکان, ئەوانیش رزگاریان بوو, بەهۆی لێبوردنە گشتییەکەوە فریای ناردن نەکەوتن.
هەرچەندە ژیان لە ناو زیندانی سەربازگەی دووبز لە چاو زیندانی سەربازگەی نگرۆ سەلمان بەهەشت بووە لە چاو ئەو جەهنەمەوە, ئەویش بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیای قەڵای نگرۆ سەلمانەوە زیاتر, بەڵام لە سەربازگەی دووبز مرۆڤکان ئامادە کراون بە مەرگ, بە لە کەڵکردنەوە, پەی دەچێت زیندانی یەدەکی تەبزاوە بووبێت, کەواتە سەربازگەی دووبز مەترسیدارتر بووە لە سەربازگەی نگرۆ سەلمان, بە پێچەوانەی میدل ئیست ئێچ وتانی, لە کاتێکدا ئەو بڕچوونەی دەربڕیووە ئاگاداری چارنووسی زڕینەی ئەو زیندانیانە نەبووە کە چارنووسیان نادیار بووە, کە لەوەوە بردراون بۆ جێگایەکی نادیار, پەم وایە میدل ئیست ئێچ لە بڕشی دەردو مەینەتی ئەنفالکراوان لە دووبز غەدرێکی گەورەی لە کەیسی زیندانیان لەم زیندانە نەگریسە کردووە.

کەی ئەنفالکراوان هێنران بۆ سەربازگەکە

بە پێی وتەی ئەبو ئەیمەن کە بەرپرسی جێیشی شۆعبیەکان ناو سەربازگەکەو هاوولاتی عەرەبی شاری دووبز بووە, ئەستا لە ژیان نەماوە, لە ڕێکەوتی 8-4-1988 یەکەم کامیۆنی ئەنفالکراوان هێنراون بۆ سەربازگەی دووبز. بە وتەی ئەو دوای ڕۆژێك لە ئامادەکردن و پاککردنەوەی ئەو کانە سەربازگەیە, کە لەو کاتە چۆڵ بووە. لە بە وتەی ژنێکی هاووڵاتی گوندێکی 300 ماڵی گەرمیان, لە دایك بووی ساڵی 1955, بە دادگای باڵای تاوانەکان قسەی کردووە, دەڵێت" لە گەڵ هاووڵاتیانی گوندی محە بارام سوار تەکتەر بووین بڕین بە چێچەماڵ, چوینە گوندی قرخ, لە قەرەتامور دەستگیر کراین, بارق پیاوە گەنجەکانی جیاکردەوە, بە لەدان بردیانی, ژن و منداڵ چوار ڕۆژ لەوە ماینەوە, پێنجەم ڕۆژ بە گەڵبا بە بردیانین بە قائمقامیەتی قەزای چێچەماڵ, ئەو ڕۆژە خەپیشاندان کرابوو لە چەمچەماڵ, هەر ئەو عەسرە بردمانیان بە تەبزاوە, لەوە هەڵکان بەتاڵ بوون,
ئەمە یەکەم گروپ بووین لە سەربازگەی تەبزاوە, هەر ئەمان شەشەم ڕۆژ یەکەم گروپ بوونە نەردراون بە سەربازگەی دووبز", کەواتە جیاوازی لە نێوان وتەی ئەبو ئەیمەن و ئەم ژنە 8بە 9 ڕۆژە.
هەرچی میدل ئیست ئێچ لە پەرتوکەکەی لەسەر ئەنفال, بەرواری هێنانی یەکەم گروپی زیندانیکراوانی ئەنفالی دیاری نەکردووە بە سەربازگەی د,وبز, بەڵام دەڵێت"ئەم ئافرەتانە و منداڵەکانیان لە ناوەڕاستی مانگی نیساندا بە ژمارەیەکی زۆر لە تەپزاوەوە گوێزرابوونەوە بە

دووبز".

ژمارەی ئەنفالکراوانی سەربازگەی دووبز

بە پێی وتەی ئەبو ئەیمەن یەکێك لە بەرپرسانی ئەم سەربازگەیە لە نزیکەوەی عەرەب, لە هەزی جەیشی شەعبی و بەعسی, تەنها لە ڕۆژانی 8 و 9 و 10 ی ئەیلولی 1988دا , 10322 کەس لە ژن و منداڵ هێنراون بۆ زیندانی سەربازگەی تەبزاوێ, لە ناویاندا منداڵی پڕا گەندەش هەبوونە دایك و باوکیان بەردراون بە جێگای دی, پێم وایە ئەم مژووەو ژمارەکە هەڵەیە, چونکە لەو ڕۆژانە هەشتا ژمارە زیاترکەی ئەنفالکراوانی ئەنفالکانی 3 و 4 نێك نێناردرابوون بۆ دووبزو تەبزاوێ, بەڵکە هەشتا ئەنفالیش نەکرابوون.
هەروەها جەعفەر موسەوی سەرکی دەستەی داواکاری گشتی ژمارەی ئەو ئەنفالکراوانەی بردراونەتە سەربازگەی دووبز بە نزیك لە 26000 کەس وەك سەربازگەی تەپزاوا دیاری دەکات, دیارە نابێت هەردوو سەربازگە هەمان ژمارە بووبێتن, چونکە زیندانیانی سەربازگەی تەبزاوێ, بە سە ئاراستەی ڕەوان کراون"نگرێ سەلمان, دووبز, ڕاستەوخۆ بۆ گەڕەکەکان لە پیاوانی گەنج و تەنانەت ژن و منداڵیش" .
بەڵام بە وتەی هیومان رایتس ێچ ئەم سەربازگەیە "نزیك 7000 گیراوی لە خۆ گرتووە لە ژن و منداڵ".
ژنێکی زیندانی لە سەربازگەی دووبز, لە وتەیدا بە دادگای باڵای تاوانەکان ژمارەی زیندانیانی سەربازگەکەی دووبز بە 9000 کەس دەداتە قەڵەم.
بە وتەی نەرگز عەزیز بابا عەلی, کە مامانی زیندانەکە بووەو هەموو هەڵەکانی بەسەرکردەتەوە بە کاری مامانی پێی وایە 25000 زیندانی لە سەربازگەی دووبز بوونە.

ژمارەی مردووان

بە ژمارەی مردووانی ناو سەربازگەی دووبزی ئەنفالکراوان, ژمارەی جەراو جەر دەدرێت, میدل ئیست ێچ لە پەرتووکەکیان لەسەر زاری شایەدحاڵەکەوە دەڵێت"مردنی منداڵان زۆر بووە لەڕ, تا مردنی 50 منداڵی مردوو دەستنیشان کراوە"," محەمەد کوێکی نە ساڵ بوو، مژندەی پێنجا حاڵەتی مردنی دەکرد لەو زیندانە گەورەیدا کەوا خزانەکیانی تەدابوو، لە ماوەی پێنج مانگی دەسبەسەرییاندا. زۆربەی ئەوانە منداڵی بچووك بوون بەڵام هەندێ پیرەژنیش مردبوون".
بەڵام ئەبو ئەیمەن بەرپرسی ئەو جەیش شەعبیانەی لەو سەربازگەیە بوون و ئەرکی پاراستنی سەربازگەکیان لە ئەستۆ بووە, چونکە زۆر

جار ئەوان سەرپەرشتی بردنی تەرمەکانیان کردووە, ژمارەی مردووان بە " 68 بە 74 " کەس دەدات قەڵەم.
بە پێی وتەی مام ئەحمەد موختاری شارچکەی دووبز بێت, ژمارەی منداڵە مردووەکان بە 274 منداڵ مەزەندە دەکات, وەڵە حاجی ئیبراهیمی مەیت شەر دژایەتی: 150 تەرم بە بانووەم شوشتووە.
بەڵام ئەو گەڵانەی دژراونەتەوە لە لایەن وەزارەتی شەهیدانەوە دەرهێنراون, 106 روفاتیان دەرهێناوە "104 منداڵ و 2 ژن" بوونە, دەشێت روفاتی دیکەش هەبن گەڵ ون بن, تەنانەت کوڕە بچوکەکەی نەرگز لەو مردووە, وەڵە تەرمەکەی بردەتەوە بە چەمچەماڵ, مردنی ئەوی لە پیاوانی حکومەت شاردەتەوە.
تەرمی منداڵەکان لە دووبز بەم شێوەیە نێژراون" لاشەی منداڵە ساواکانی تر لە مزگەوتە کۆنەکەی شارەوە دەبران بە ناشتن، بە گوڕەی قسەی کەریمی قوتابیی تەمەن بیست ساڵ.....خەڵکی شارچکەکە دەهاتنە مزگەوت بە شەردنی لاشەکان و لە دوایيشدا گەنجەکانیان, کە کەریمیشیان تێدابووە لە کۆنە گەڵستانەکەی لاتەریکی منداڵاندا کە ماوەی میلێك لە مزگەوتەکەوە دووربووە گەڵیان بە هەڵکەندوون و ناشتنیان. کەریم خەی یارمەتیی ناشتنی لاشەی چوار منداڵی ساوای داوە و لە ماوەی نەوانیشیاندا هاوڕێکانی یارمەتیی ناشتنی پێنجا منداڵیان داوە، کە هەر هەمۆیان لە ساڵەوەخت کەمتر بوون، خەڵکی دووبز پارچە زەویەکیان لە گەڵستانەکەدا دیاریکردبوو بە گەڵی ئەو منداڵانە و هەر گەڵکی بچووکیش بە جیا نیشانە دەکرا".
لەڕە ئەنفالکراوان کەشەی لە گەڵ نانی روفاتەکان و شوشتنیان بە پێی شەریعەتی ئیسلام و کفن کردن و تەقین خوێندنیان وەك زیندانی نگرێ سەلمان نەبووە, بەڵکە ئەو مافیان پێ دراوە, لە رێگای مەراسیم لە دەرەوەی زیندانەکە, وەڵە بە پرسە.

چیرۆکەکانی مەرگ

ژنەك قسە بە دادگای باڵای تاوانەکان دەکات و باسی کچەك دەکات کە تەمەنی نە ساڵ بووە, لە دووبز دایك و خوشکەکی مردووەو خەی بە تەنها ماوەتەوە لەو زیندانە, هەمان ئەو ژنە دەڵێت لە دووبز 5 ژن مردوونە, وەڵە تا ئێستا رووفاتی دووان لەوانە دژراونەتەوە. ژنەکی دیکە خەڵکی گوندی شێخ محەمەدی سەرو لە ناحیەی قادر کەرەم بە هەمان دادگا قسە دەکات و دەڵێت" منداڵەکیان بە نەخشی ی سەندووەو بردویانە, هەشتا نەمردبوو , کەچی نیان گەڵاندوە بەی, نیزانیوە منداڵەکەی چی بەسەر هاتووە ناوو گەڵی ونە و چارنووسی نا دیارە".

دایکی دیکە لەسکاتلەندەکەی نووسراوە " دوو منداڵی مردووە و منداڵێکیشی لە زیندانی دووبز بووە" . یەکی دیکە دەڵێت " لە دوبس ژنان لە کاتی منداڵ بوون مردوونە" , ئامینە مەحمود حەمەخان لە دایك بووی ساڵی 1966 خەڵکی سەرقەڵای سەنگاو منداڵی لە دووبز مردووە, ژنکی دیکە بەناوی فەوزیە محەمەد ئەشرەف خەڵکی گوندی موراڵی سەنگاو, ساڵی لە دایك بوونی 1950, دوو منداڵی مردووە لە دووبز, نەیان هەشتووە بزانێت لە کوێ ناشتویانە.
"کاتێ کە بەهار بەسەرچوو و ڕۆی بە گەرمای هاوین خۆشکرد، ڕۆژی (مردن) زیادی کرد. ئامینەی خەڵکی ئاکۆیان، لە دووبز منداڵێکی کچی بوو، بەڵام پاش دوو مانگ منداڵەکە نەخۆشکەوت و مرد. تەنها لە خەڵکی بڵە چوار یان پێنج منداڵ مردن. نەبات، دایکێکی تەمەن بیست و هەشت ساڵی خەڵکی قادر کەرەم بوو، دوو منداڵی ساوای لەدەستدا و ماوەی نەوانیان مانگێك بوو. یەکەمجار شارەی کچێ سێ ساڵانی مرد و مانگێك دوای ئەوەش نەرە هاتە سەر کوێ دوو ساڵانەکەی، دیار. نەبات دەیگوت: "ئەوان لەترسا مردن، چونکە هەند تەقیبوون نەخۆش کەوتن و سکچوون و ڕشانەوەیان تووشبوو". "شەرزاد کە کوڕکی چواردە ساڵ بوو تاقە یەك شەو حەوت منداڵی ساوای ژماردبوو کە لە دووبز مردبوون".

خواردنی زیندانەکان

لە زیندانی دووبز ژیان باشتر بووە لە زیندانی قەڵای نگرێ سەلمان, کەشەی ئاو هەر نەبووە, بە خواردن سەرەتا بە ماوەی سێ مانگ ڕۆژی تەنها یەك سەموون دراوە بە زیندانیان, کاتێکی کە هاوتا بووە لە گەڵ مانگی ڕەمەزان, زەربەی ژنانیش لەوە بەڕۆژو بوونە, نەرگز دەڵێت " سەموونکەمان بە فتاری ئێوارە هەڵدەگرت" , پێچەوانەی سەربازگەی نگرێ سەلمان کە لەو مانگە خواردنی باشیان داوە بە ئێنفالکراوان, لە دووبزیش وەك زیندانی تەبزاوەو زیندانی تکریت لە مانگی ڕەمەزان خواردنی باشیان نەداوە بە خەڵك, لە زیندانی دووبز دواتر جگە لە سەموون خواردنکەیان برنج و شەربای نیسکی تێدا بووە, گوایە قزەی سەربازیان لە سەربازگەی تەبزاوەوە بە هاتووە, خواردنەکە لە جاران چاکتر بووە, بەڵام هەر شیر نەبووە بە منداڵ.
بە پێی بەدواداچوونی میدل ئیست ئێچ "لە مانگی حوزەراندا ئەو کاتەی کە ئامینە – ژنە گەنجەکەی خەڵکی ئاکۆیان – گەیشتە ئەوە بڕە خەراك لە دووبزدا هەفتانە دوو هێلکە و ماست و چای تەکەوتبوو، لەدوایشدا وایلەهات کەمە شووتیشیان دەدا ".
لە زیندانی دووبزیش وەك زیندانی نگرێ سەلمان شت فرێشتن هەبووە,

هەروەها بە وتەی هەندێك لە زیندانیان گوندێی لەناو زیندانەكە هەبووە, ئەو كوردانەی ببونە بەرپرسی هێرشكان هەندێك لە كەلوپەلەكانیان بە خۆیان فرێشتبوو."گاردەكانیش سابوون و شەكر و چایان بەو ژنانە دەفرێشت كە هێشتا پارەیان پەمابوو, هەروەها دەسەڵاتدارانی بەندیخانەكەش هەر حەوت بەندی و بەتانییەكیان دەدایە.".
ئەو چەكدارانەی لەو بوونە, ئەوانیش دەستیان كردووە بە شت فرێشتن, نابێت ئەوە لە یاد بكەین هەندێك لە حەرەسەكان ناو سەربازگەكە هاوكاری خێكەكەیان كرددوە, لەوانە باسی بەرپرسێكی جێیشی شەعبی دەكرێت بەناوی ئەبو ئەیمەن و چەكدارێكی دیكە بەناوی هادیە كوێر.
"هەژار غازی عەزیز بابە، كە یەكێك لەو چوار منداڵەی كە ڕۆژی 29/4/1988 لە سەربازگەی دووبز لە سنووری كەركوك لەدایك بووە. هەژار لەوساوە تا ئێستاش گرفتی ئاخاوتنی هەیە و بە پێی ڕاپۆرتی پزیشكیش ناتەواویەكەی پشتڕاست كراوەتەوە، واتا بەتەواوی ناتوانێت قسە بكات، چونكە لە ڕاپۆرتەكەدا هاتووە بە هەی نالەباربوونی شوێنی لە دایكبوونی، ئەو كەشەی تووش هاتووە.....ئەو منداڵەی بە بڕد ناوكی دەبەن و هیچ پێویستیش نەبەن كە تەوەی بپچن، ئەو منداڵەی كە بەهەی خراپی دەخی زیندانەوە زمانی بە باشی ناگەڕێ و زمانی ناتەواوە. ئەو منداڵەی كە بە خەزانەكی حەوت كەسی تەنها دوو سەمونیان دەدەنە".
هەژار دەڵێت"دایكم دەیوت لە زیندان شەش منداڵم بە ریشەوە ببوو(ئەرك و خەم و بەرپرسیارێی شەش منداڵی لە ئێستە بوو).(دایكی هەژار پێی وتووە كە ڕۆژانە بە هەموویان دوو سەموونیان پێدراوە، بەیە ئەو دایكە تەنها كەمكی خواردووە لەبەر ئەوەی كەمێك شیری هەبێت بە هەژار و باقییەكەشی داوە بە منداڵەكانی تری", ئەم چیرۆكە زیندووانە جیان لە چیرۆكەكانی میدل ئیست ێچ.

ژمارەی هێرشكان

بە پێی وتەی ئەبو ئەیمەن بەرپرسی جێیش شەعبییەكانی سەربازگەكە, سەربازگەكە لە 34 هەڵە پێك هاتبوو, وەلە زیندانییەكان ژمارەی جەراو جەر دەدەن, هەروەها بە پێی وتەی ئەوان هەر جەناحێك ناوی تایبەتی خۆی هەبووە.
بە وتەی چەند كەسێك كە زەرینەن, سەربازگەكە لە 24 هەڵە و 3 بە 4 جەناح پێك هاتووە بە ناوی جەناحی حەویجە, جەناحی 1ی حوزەیران,

جناحی کەرکوك هەروەها جناحی ئەربیل , یەکی دیکە دەیت 12 هەیە بووە, یەکە دیکاتە 14 هەیە, دانیەکی دیکە دەیت هەر 3 هەیە پێکەوە بوونە, یەکیکی دی دەیت جناحی 9 هەیە بووە واتا 36 هەیە, چند کەسکی دیکەش دەین, سەربازگەکە 36 هەیە بووە.
هەرچی ژمارەی زیندانیانی ناو هەیکانە, یەکە دەیت لە هەیکەمان 250 زیندانی تێدا بووە, یەکێکی دی باسی 470 زیندانی دەکات لە هەیکەیان.
ئەنفالکراوێك دیکە دەیت هەیکان 300 بە 400 کەسی تێدابووە, سارد بووە بەتانی نەبووە بیدینە خەمانا.
نەرگز پەیی وایە هەیکانی دووبز, قەبارەیان وەك هەیکانی سەربازگەی تەبزاوە گەورە بوونە, بەڵام سەربازگەی دووبز کەنتر بووە لەوەی تەبزاوە, وە چەیش بووە پێش ئەوان, چونکە هەموو بنمیچەکەی خڕ و تەز بووە, ژمارەی هەیکانیشی 30 هەیە بووە, سەری هەیکانی بە جەملەن داپشراوە.
ئەبو ئەیمەن پەیی وایە, سەربازگەکە 5 جناح بووە, بە گشتی سەربازگەکە بەسەر کەمەیك کەرتی جەیشی شەعبی دابەش کراون" دوبس, کەرکوك , حوزەیران , اربیل".

هەلاتنی خاوەر قادرو هاوەیکانی

پەی دەچێت لە سەربازگەی تەبزاوە بواری هەیاتن هەبووبێت, هەرچەندە بە پەی بەدواداچوونەکان لە نگرە سەلمانیش بواری هات و چە هەبووە, بەڵام هەیکەوتەی جوگرافیای سەربازگەکەو ژینگەکەی, بواری هەیاتن نەبووە لە قەڵای نگرە سەلمان, هەرچەندە لەم سەربازگەیە منداڵە هەرزەکارە کوەکان ویستوویانە هەبەن, بەڵام پیاوانی رژێم بە لەدان دووریانیان خستەتەوە, ئەمە دەقی چاوپێکەوتنی دلێر کەریمە لە گەڵ خاوەردا, کە لەم سەربازگەیە هەیاتووە" نوێژی عیشا بوو, دنیا تاریك بوو بوو, وتم ئێستا دەیم, دوو ژنی تر وتیان ئەمێش دەین, یەکێکیان خەکی تەوەو بیارە بوو, ئەویتریشیان خەکی مەلەحە بوو, بەو تاریکەو بە نهێنی لە زیندانەکە هەدەن, دەچنە سەر قەبرستانێك و دەیانەوێت شوێنێك بدەزنەوە بۆی بەن, نا شارەزایی بەستی بەیبوون. ئەتەمبەلێك بەو جادەیا تەدەپەیت و سەریان دەخات و دەیانگەیەنێتە کەرکوك. لەوێشەوە دەگەنەوە چەمچەماڵ, دیارە کابرای شۆفێر دەزانێت ئەمانە قوربانی ئەنفالن و دۆی پەیان دەسووتێت و هاوکاریان دەکات بە دەربازبوون.
رەحمە نەجمەدین کە لە هەمان زیندان لە گەڵ خاوەر قادر بووە وتی زانیمان خاوەر رایکردووە چونکە بەردەوام دەیگووت رادەکەم, کە

دەنگی راکردنی بۆ بووە هاتنە لامان پرسیاریان کرد بزانن کەی و چۆن هەڵدەبژێردرێت, براژنم رەسمیە کە زمانی دەزانی و وەکو بەرپرسی بەشەکەمان بوو وەڵامی دانەوە کە ئاگامان لە نییە و بە وردی بەی بگەڕێن هەر لێم ناوێ.
ئەوانەی لە زیندانەکە دەبنە دواتر دەبێنە تکریت و لەوێش ناوی خاوەرو هاوڕێکانی دەخوێننەوە و خەیانیش هەڵهاتبوون.دیارە لیستی ناوی قوربانییەکان هاوپێچ کرابوون, بەرپرسانی زیندانەکە نەیان وەرابوو ناویان بسڕنەوە, ئەوان لە تکریت بارەکرێن بۆ زیندەبەچاڵکردن و لەبوردنەکە دەیان گرتەوە و رزگاریان دەبێت. لە کتێبی لە کەریم باسامەوە بە تکریت ئەو مەرگە ساتانەم تۆمار کردووە. بەڵام میمکە خاوەر وا دەزانێت ئەوانیش مردوون, تا دوایی ئازاد بوونیان, کە دێنەوە و باسی دەکەن بە چ حاڵەتێك دەربازیان بووە... زەربەی ئەو ژنانەی لە دبز بوون بەهەی منداڵەکانیانەوە نەیان دەتوانی هەبێن, تەنیا ئەو سێ ژنە منداڵیان لە گەڵ نەبوونەو هەڵهاتوونە.".
وەك چۆن لە کاتی گرتندا جاشەکان هەکار بوون بۆ گرتنیان, دوای رزگار بوونیشی جارێکی دیکە بۆ دواوەین بۆ بۆ گرت دانەوەی"کە هاتوونەتەوە جاشەکی ناسیاریان دەچێت هەوا دەداتە بەعس, بەڵەوبەری ئێمن دەت و بۆ دایك و باوکی میمکە خاوەر دەڵێت فڕان کەس هەوالی لێتان داوە, بەم خەی ناگرم لە بری خاوەر ئەو برایەی دەگرم کە ماوە, من چی لە گرتنی ژنەك بکەم, بڕۆ و لەوە بە دوا بە پاراستنی ژیانی خەیان دەگوازنەوە بۆ شوێنەکی نزیك بەغداو تا دوای راپەڕین لەوە ژیان دەگوزەرێنن".

ژمارەی ئەنفالکراوانی سەربازگەی دووبز

تا ئێستا هیچ ئامارێك بە هیچ کام لەو سەربازگایانەی ئەنفالکراوانی بۆ بردراوە نەکراوە بە سەربازگەی دووبزیشەوە, ئەوەی هەیە گریمانەیە, لیستەکی ئەنفالکراوانی هیچ کام لە سەربازگەکان نییە کوتبێتە دەست, یاخود حکومەتی هەرێم ئامارەکی وردی بەیان کردبێت, میدل ئیست ڕچ لە پەرتوکەکیدا دەڵێت" کەمپەکە – کە دوو بینا بوو لە ناو یەکدا حەوت هەزار گیراوی کوردی تێدایە."
ئەبو ئەیمەن ژمارەی زیندانیکراوانی دووبز تەنها لە سێ ڕۆژی 8 و 9 و 10ی نیسان بە 10322 کەس دەداتە قەڵەم , وەلە یەکێك لە زیندانیان کە لەو زیندانە بووە, ژمارەی زیندانیان بە 9000 کەس دەداتە قەڵەم. نەرگز مامانەکی زیندانی دووبز ژمارەی زیندانیان بە 25000 کەس دیاری دەکات.

چەندیان و بە کوێ ڕەوانە کران؟

زیندانی سەربازگەی دوبز کاتی بوو, ڕۆژی یەدەکی سەربازگەی تەبزاوی دەبینی بە دیسانەوە ڕەوانە کردنەوە بۆ دوا مەنزڵگا, دوای کۆمەکوژی پیاوە گەنج و هەرزەکارەکان و بەشێك لە ژن و منداڵەکان سەربازگەی تەبزاوو سەربازگەی تکریت, ئێوجا نارە هاتوە سەر زیندانیانی ناو سەربازگەی دووبز بۆ یەکلا کردنەوەی چارەنووسیان, کە لە دوو مانگی یەکەمدا دوو گروپیان لێیان نارد بۆ قەڵای نگرە سەلمان, بەڵام کاروانەکانی دوای ئێوە هەموو بۆ سەربازگەی تکریت بوون, تکریت سەربازگەی ئامادەکاری بوو بۆ ناردنیان بۆ گەڵێ بە کۆمەڵەکان.
زیندانییەکان بە پێی قاوش و ژمارە بردراون نێك ناو, خەزانی وا هەبووە هەندێکیان بردراون بۆ گەڵێ بە کۆمەڵەکان هەندێکی دیکیان ماونەتەوە لە دووبز, دواتر بە لێبوردنی گشتی ئازادکراون, یەکێك لە زیندانە ڕزگار بووەکانی دووبز دەڵێت" 9000 ئەنفال لە سەربازگەی دووبز بوو, زیاتر لە 5000 یان بردران و نەگەڕانەوە, من 6 خوشکمی تێدا بوو, لە ئێوانێی نەگەڕانەوە ".
ژنێك دەگێڕێتەوە کە لە پێش لێبوردنەکە بردمانیان بۆ تکریت دواتر ئەمیان هێنایەوە, دوو منداڵ لە ڕێگا مردن تەرمەکانیان بۆجە هەڵدرا. یەکە دیکە دەڵێت 50 ژن و منداڵ بردران لە هەڵەبجەی ئەمە بۆ لێبوردن گشتی گەڕاونەتەوە.
خاوەر قادر دەڵێت: هەینی بۆ هەینی 350 کەسیان بۆ ئێتەمبیلی تایبەت دەبرد, بۆ نموونە دایکێکی بکوتایەتە بەر حسابێکی دەبرا و منداڵەکیان نادەبرد.یان بۆ پێچەوانەوە, منداڵەکە بکوتایەتە بەر حسابێکە دەیان برد و دایکەکیان بۆ وەجبەکەی تر جێ دەهێڵا.
لەو هەموو ئەنفالکراوە تەنیا دوو هەڵی گەورە خێزك مایەوە. لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا هەموو خێزکەکیان برد .
لە دووبزەوە دەڵێن 4 بۆ 5 وەجبە ژن و منداڵ بردراون بۆ تکریت بۆ ڕەمیکردن, ژنێك دەڵێت دوای 20 ڕۆژ لە دووبز بۆ 16 پاس کچێ عازەبکانیان بردووە, ژنی گەنجی منداڵ داریشیان لە گەڵ بووە, ماڵ هەیە بۆس کچەکەی بۆ تەنها جیاکراوەتەوە و بردراوە.
ئەم ژن و منداڵانە بۆ لێدان بردراون بۆ تکریت, بۆ سێیارەی داخراوی سەوز, دیارە چیرەکی بردنەکان بۆ شاراوەیی ماونەتەوە, بەڵام لەو کاروانەی کە بۆ لێبوردنەکە کۆتن , زۆر منداڵ لەناو ئێتەمبیلی مەرگەکان مردوونە.
میدل ئیست ڕێچ کە زانیاری تەواوی چنگ نەکەوتووە لەسەر ژمارەو جێگای بردنی ئەنفالکراوان, دەڵێت" بەڵام هەزاران کەسیتر لە

بەندییەکان کە ناونگ نیوەی ژمارەی گیراوەکانی دووبز بووبەتن، ئاپەچی لایەکی تری نادیار کران و لە تاریکیی ئەنفالدا ونبوون".
ئەو لایە نادیارە سەربازگەی تکریت بووە, ئەوەی بەی ڕەوانە کرا نەگەڕایەوە, جگە لە دوا کاروان, کە لە دوای ئەوەی لەو بارکران بە گوند بە کامیۆنکان بە ڕێکەوت شانس یاریان بوو, بەهەی لەبوردنکەوە گەڕانەوە.
یەکێك لە ئەنفالکراوە ئازادکراوەکانی سەربازگەی دووبز دەڵێت" سەربازگەکە 24 هەڵە بوو, 15 هەڵیان بارکراون و بردران بە گوند بە کامیۆنکان. لە دووبز ئەو ژن و منداڵانەی بردراون بە گوند بە کامیۆنکان, شتومەکەکانیان لە گەڵ خۆیان نەبردووە.
چۆن هەنانی ئەنفالکراوان بە سەربازگەی دووبز لە ژێر سەرپەرشتی ئەمن بووە, بە هەمان شێوە مانەوەشیان لەوە و بردن و گواستنەوەشیان بە هەمان شێوە لە ژێر سەرپەرشتی ئەمنی کەرکوکدا بووە, چونکە دووبزا قەزایەتی پارێزگای کەرکووك بووە لە ڕووی کارگێڕییەوە.

منداڵ بوون

زیندانی سەربازگەی دووبز, لەبەر ئەوەی جگای ژنانی گەنج و منداڵ بووە, بۆیە منداڵ بوون یەکێك لە کێشە بەرچاوەکانی ئەم زیندانە بووە, هەر لە ژانی دایکانەوە بە مامانی و ناوك بڕین و خوێن بەربوون تا دەگاتە برستی و نەخۆشی و نەبوونی شیرو داو دەرمان کێشەی زیندانیانی ناو ئەم زیندانە بووە.
بە بەرد و چەقۆ ناوك منداڵیان بڕیوە, بە قوماشی هەنگوچك پێچاویانەتەوە و ناوکیان گرێداوە, یەکی دیکە ناوکی منداڵی بە شوشە بڕیووە, ئەوی دی بە بەرد, ژن هەبووە لە ئاودەست منداڵی بووە, نەرگز دەڵێت " لەم زیندانە مامانیم بە نزیك 200 منداڵ کردووە کە لەرە لە دایك بوونە, هەبووە یەکسەر مردووە, هەبووە پاش چەند ڕۆژێك, تیاشیان هەبووە ئێستا زەلامە".
نەرگز دەڵێت " سەرەتا بە بەردی نوك تیژ ناوکی منداڵی بڕیوە, دواتر حەرەسەکان موسیان بۆیان هێناوە, ژن منداڵی بووە, پێی نەبوو خوێنەکەی پێ بسڕێتەوە, پێی نەبوو منداڵەکەی پێ پاك بکەیتەوە لەی لول دات, خواردن نەبوو بیدەیتە دایکەکە لەو کاتە".
جل و بەرگی منداڵەکان دیکەیان کردەتە بەر منداڵە لە دایك بووەکان, جل و پێڵیان بۆیان کە کردونەتەوە, یان بە گونیەی پەتاتە دایانیان پێشیوە, شیرو دایبی نەبووە, منداڵە لە دایك بووەکانی ناو زیندانەکانی ئەنفال, لە دووبز و نگرە سەلمان و تەبزاوە بەناز بوون لە هەموو رویەکەوە.

وەای ئەم وەك ژنەكی زیندانی دەگەڵتەوە, ژنانیان بەردووە دەرزیان لێیان داوە, بە ئاوەی سوێی مانگانە نەكەن, خوار سكمان دەیدا لە ئێش.
منداڵەكی كەم ئەندام ئاوا چیرۆكی لە دایك بوونی خۆی دەگێڕێتەوە لە زیندانی دوبز" ئەو كاتەی كە دایكم و خوشك و براكانم دەگوزانەوە بە زیندانی سەربازگەی دوبز، دایكم بە منەوە دووگیان بوو، زەرجار دایكم دەیوت: رۆژە ناوكی تەمان بە بەرد بێوە، چونكە چەقۆ و هیچ كەرەستەیەكی دیكە نەبوو و تەنانەت داوایان لە هەزكانی ناو زیندان كردووە كە چەقۆیەك یان تەنانەت موسكی بەكارهاتووش بێت بیاندنە بە ئاوەی ناوكی منداڵەكەی پێ ببڕن، بەڵام نەیانداونەتێ، بۆیە دایكم بە ناچاری لە حەوشەی زیندانەكە بە دوو بەرد ناوكی بێیوم، تەنانەت خوشكم شەش بە حەوت قاعە دەگەڵت بە ئاوەی پارچە پێڵاوێك پێیدا بكات لە منیەوە بهاڵنن، دەستیان ناكاوێت، تا دواجار لە یەكێك لە قاعەكان كەوانوێك لەلای پیرەژنەكی خەڵكی گوندی» تەختە مینا» پێیدا دەكەن و دەیكەنە پێشاك بە من.".

نەخۆشی

لە زیندانی سەربازگەی دووبز چارەسەری پزیشكی نەبوو, تەنانەت بە نەخۆشیەی قورسەكانی وەك گورچیلەو شەرپەنجەش, سیلدارەكان جیا نەكراونەتەوە, لە ناو خەڵكەكەدا بوونە, هیچ خزمەتگوزاریەكی پزیشكی لەو زیندانانە نەبووە, چارەسەریش بە نەخۆشیەی مەترسیدارەكان نەبووە, وەای بارودخی سەختی ژیان لە ناو زیندانەكە.
لە دووبز سارد بووە سەرەتا, تیفەید و سك چوون و رشانەوە بلاو بەتەوە, رەژانە خەڵك بە تایبەت منداڵ پێی مردوونە, دواتر گرانەتاو سورەژەش هاتەتە سەری لەگەڵ حوما ماڵتا. هەموو زیندانەكان لەسەر زەوی رەق خەوتوونە, بە منداڵەی ساواكانیشەوە, بەرپرسانی زیندانەكە تەنانەت هەندەك جار بەتانییەكانیان لە خەڵك سەندەو لە پێش چاویان سوتاندویانە, بەم هەموو هەكارەوە نەخۆشی زەر بووە.
بە پێی وتەی شایەد حاڵەك "لە دووبز منداڵیان بە دایكی بردووە بە نەخۆشخانە بە مردویی هەناویانەتەوە, نەشیان هەشتووە دایكی بەشداری پرسەكەی بكات".
لە سەربازگەی دووبز ئاودەست نەبووە, لە ناو هەڵكە دەستیان بە ئاو گەیاندووە. هەر لەوە میكرۆبیان بە خەڵكدا رشتووە, گیانیان پێ

بووە لە مەشولە کە پێشتر ئەو جۆرەیان نەبینیووە.
لە زیندانی دووبز کچێك بە ناوی بیان عەودل جەوهەر خەڵکی گوندی کوولەَ شێت بووە, شەوان کارەبایان لەسەر خەڵك کوژاندبووە. هەر لە زیندانی دووبز وەك تەبزاوەو نگرێ سەلمان, منداڵکانیان بە ماوەیەك وەك سزا جیاکردبووە دواتر هەناویانەتەوە.

منداڵە پانزە ساڵانەکان

لە چاوپێکەوتنێکدا رائیدی ئەمن صەباح ئەلحەمدانی باسی ئەوە دەکات گوایە لە کاتی ئامار کردندا زۆر منداڵی پانزە ساڵ زیاتری بە منداڵی کەمتر لەو تەمەنە دیاریکردووە, کردویانیەتە ناوژن و منداڵکانەوە, لە لایەکەوە ئەمە دەربڕی ئەوەیە لە سەرتاوە بەیارەکە زانراوە کە هاوڵاتیانی نەرینەی تەمەن 15 ساڵ بە سەرەوە چارەنووسیان بە مەرگ, بەڵام لە واقیعدا ئەوەی رووێداوە پێچەوانەکەی راستە, زۆر منداڵی کەمتر لە 15 ساڵیان فەڵە داوەتە ناو گۆڕەکانەوە, ئەوانەی لە دووبز بوونە ڕەتی دەکەنەوە منداڵی گەورەتر لە 15 ساڵ لە کەمپەکە هەبووبێت, وە زیندە بە چاَکردنی زۆر منداڵی کەمتر لە 15 ساڵ لێرەدا بە نموونە دەنینەوە کە لە تەبزاوەوە نەبردراون بە مەرگ لە تیمی ناوو نوسین رزگاریان نەبووە.
سکاڵاکارێك بە دادگای باڵای تاونکان دەڵێت" لە 12 ساڵی بەسەرەوە منداڵکانیان برد نەگەڕانەوە, دەستیان لە پشتەوە بەستراوەوە و پێشتر پیاوەکانیان بردبوو, گومان لە تۆقێ بوو". یەکێکی دیکە دەڵێت"کوڕەکەی 12 ساڵ بووە دیار نییە, نەبردراویشە بە دووبز ".
خاوەر قادر کوڕە 15 ساڵانییەکەی کە ئاماری 1987 یشی کردووە, بە میوانی چووە بە ماڵی خاڵی, لە گەڵ پیاوەکان ڕاماڕاوە بە گەڵە بە کەمەڵەکان"کوڕە 15 ساڵانەکەی لە شارەوە چووە بە ماڵی خاڵەکانی بۆ ئەنفال کوتووە, لە تەبزاوە لەك دادەبڕن, تەنها 2 کاتژمێر لە تەبزاوە پێکەوە دەبن".
زۆر شایەدحاڵ هەیە کە کۆی پانزە ساڵ و ڕوو لە خواریان بردراون لە گەڵ َپیاوەکان و نەگەڕاونەتەوە تا ئێستا گەڵ ونن.
فەرەج رزگاربووی گەڵە بە کەمەڵەکان دەگێڕێتەوە "دوو منداڵیان لەگەڵ بووە"خەڵکی قیەڵە بوون" مویان لە نەهاتووە, زۆر منداڵ بوونە ڕەمی کراون ".
ئەوانەشی نیمچە بوونە و بردراون بە زیندانی دووبز بەردەوام لەبەر هەڕەشەدا بوونە, یەکێ لەوان ئاوا چیرۆکی خۆی بە میدل ئیست ئێچ دەگێڕێتەوە"ئەو منداڵانەی کەمێك کزربوون و دەیانتوانی هەڵبسووڕێن پاسەوانەکان بە زۆر قاوش و ئاودەستەکانیان پێپاکدەکردنەوە.

کۆنکی چواردە ساڵ کە پێنج مانگی لە سەربازگەکەی دووبزدا بەسەربردبوو دەگێڕتەوە و دەڵێت: "ئەمن و ئیستیخبارات و بەعسییەکان چاودێرمان بوون، هەمیشە دەهاتن و بە هەڕەشەکانیان فێڵاقە دەکرد و چەند جارێك دەستیان بەستووم‌تەوە و لێیانداوم، جارێکیشیان سێ ئەمن بە دار زەریان لێدام و پشت و قاچمیان داڕزاند. لەو قاوشدا کە تیایدا دەخەوتم دووجار لە بیانییەوە تا ئێوارە بەستمیانەوە بۆئاوەی بیێن هیچ بخەم. من نەمدەتوانی و بەم نەبوو بپرسم بۆچی و هیچ کەسیش نەیدەتوانی بڕپڕچی یاسای بەعس بداتەوە".

بە گشتی چەند منداڵێکی کەم لە دەوروبەری 15 ساڵ لە زیندانی سەربازگەی دووبز بوونە و بە یەکتر ناسراو بوونە, ژمارەیان کەم بووە, هیچ منداڵێکی زیاتر لە 15 ساڵ لە زیندانی سەربازگەی دووبز نەبووە.

سەردانی بڕپرسان

بە پێی وتەی زیندانییەکان, عەلی حەسەن مەجید ئەندازیاری پرسەی ئەنفال, 3 جار سەردانی زیندانی سەربازگەی دوبزی کردووە, هەر جارەی گروپێکی ئەنفالکراوانی لە گۆڕ خەی بردووە, نەزانراوە ئەو زیندانیانە چییان لە هاتووە, ئەوەی زانراوە بە گۆڕ بە کەمێکان بووە.

هەروەها عزەت دوری جێگیری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شەشیش چووە بە زیندانی سەربازگەی دووبز, بە زیندانییەکانی وتووە ئەوە کەسوکاری پشمەرگەن بڕتان نادەین.

چ هێزێك سەربازگەکەی پاراستووە

ئەو هێزەی سەربازگەی تێبزاوەی بەعس بردووەو پارستوێتی هێزکی هەمە ڕەنگ بووە, ئێبو ئێمەن کە لە ڕێکەوتی 4-4-1988 ەوە لە فەرمانگەکەیەوە پێی ڕادەگەیەنن ئامادە بێت بە دەوامکردن وەك جەیشی شەعبی لە سەربازگەی بارگای کەتیبەی هەندەسەی عەسکەری لە دووبز, دەڵێت ئەمە وەك جەیشی شەعبی 70 چەکدار بووین دیاریکراین بە دەوامکردن لە سەربازگەی دووبز, لە دبس,داقوق, حەویجە, ناوەندی پارێزگای کەرکوك ەوە هاتبووین, کە بانگ کراین کەسیشمان نامانزانی بە چی بانگ کراوین؟. هەر ئەو دەڵێت دوای دوو ڕۆژ چەند مەفرەزەیکی سەربازی هاتن بە ئامادەکردنی سەربازگەکە, ئاوو کارەبایان چاککردەوە.

بە پێی وتەی رائیدی ئەمن سەباح حەمدانی بێت ئەو بڕپرس زیندانی دووبز و مونەسقی نەوان هەردوو سەربازگەی دووبزو تێبزاوە بووە,

پەی دەچێت دووبز هەر وەك بەشەك لە سەربازگەی تەبزاوە مابەتەوە لە ژێر سەرپەرشتی ئەمنی کەرکوکدا بووبێت چونکە ئەو خەی لە میلاکی ئەمنی کەرکووك بووە, زیندانیانیان لەوە راگرتووە بە قەناغی دواتر, بەشەکیان بە نگرە سەلمان نەردراون, زەریشیان بە تکریت و گەڵە بە کەمەکان, ئەوەشی ماون ریکەوت هەشتویانیەتەوە دوواتر ئازاد کراون.

زەرینەی زیندانیان باسی ئەوە دەکەن کە حەرەسەکان عەرەب و زەربەیان خەکی حەویجە بوونە. زیندانیان باسی ناوی وەك کەنعان و ئەبو نەعمان ابو عارف و ئەبو عروبە هەردوکیان وەك بەرپرس لە دووبز باس دەکەن, پەی دەچێت بە فەرمی داوایان لەکرابێت ناویان نهەنی بێت, تەنها بەو ئەبو وانە بانگ یەکتر بکەن, بەیە تا ئێستا ئاشکرای ناکەن.

زیندانیەکی دیکە باس ئەوە دەکات کە حەرەسکان سەرباز بوونەو بەری سوور لە سەریان بووە. لە پاڵ ئەبو ئەیمەن باسی هادیە کوەریش دەکرێت کە حەرەس بووە لە دووبز, هاوکاری زیندانیانی کردووە بە نامە هەنان و پەیوەندیکردن. "میدل ئیستیش باسی چەکداری جل زەیتونی دەکات کە حەرەسیاتی زیندانیەکانیان کردووە" چەکداری جل زەیتوونییان لەتەکدایە. پاشان دووکاندارەکانی دووبز سەرنجیان دەدا وا کەمەکەمەی شش حەوت کەسیی ئافرەتی بەندکراو بە یاوەریی پاسەوان دەنە لایان و هەر زوو زانییان کە ئەمانە لە سەربازگەکەی دووبزەوە دەن.".

میدل ئیست مەفەق نەبووە لە باسکردنی کەمپی دووبز, نەیتانیووە وەك خەی نیشانی بدات, کە سەربازگەیەك بووە ئامادەکاری تەدا کراوە بە زیندە بە چاکردن, زەر زانیاری نا دروست کە لە دەندەیی زیندانەکە کەم دەکاتەوە , بەمەش لەرە زیان بە دەسیەکە دەگەیەنێت, تەنانەت بەەوبەری زیندانەکەش دەکاتە کوردەك کە راست نییە " بەەام لەگەڵ ئەم هەموو (باشەیدا) ئەگەر بەراورد بکرە، دووبزیش دیسان ترس و سامەکی کەم نەبوو. بە گاتەجاڵیی دەوران، گیراوەکان وانییان بەەوبەری ئەم سەربازگەیە هاوەاتییەکی کوردە و پیاوەکی خەکی دەڤەری هەولەرە بە ناوی حاجی ئەحمەد فەتاح و حاجی مەککەی کردبوو.".

هەرچەندە بەرگ سەوزو زەیتونییەکان ئەگەری زەرە ئەمن بووبێتن, وەك خەروا حەمادی لە دان پەنانکەیدا دەگەڵتەوە, لە کاتی پەویستدا بەرگی سەربازی بە روتبەمان دەپەشی.

گەچەی سەکسی

ژمارەیەکی زەر لەو ژنانەی لە زیندانی سەربازگەی دوبز بوونە, بە

دادگای باڵای تاوانکان ئەویان گەراوەتەوە, کە گەڕانی سکسی لەو زیندانە لە هەموو زیندانەکانی دیکەی ئینفالکراوان زیاتر بووە, ئەو شایەد حاڵانە دەڵێن کچانی جوانیان دەرکردەتە دەرەوە و دواتر هەناویانەتەوە, شەوان کچانیان بردەتە ناو باخەکان دەوروبەری زیندانەکە و تەعەدایان لێیان کردووە, ئەفسەرەکان شەوان کچانی کوردیان بردووە, 12ی شەو بە دواوە کچانیان بردووە, ئەمانەو زۆر چیرۆکی دیکە دەگێڕنەوە, هەموو دەربەی ئەوەیە لەم سەربازگەیە بە بەرفراوانی گەڕانی سکسی بەرامبەر بە زیندانیان ئەنجامدراوە.

ئەشکەنجەدان

هەرچەندە زیندانەکان ئەڕە هەموو ژن و منداڵ بوونە, بەڵام لە زیندانی دووبز یش وەك تەبزاوەو نگرە سەلمان و نزارکە لەدان هەبووە, تەنانەت وەك دەگێڕنەوە بە لەدان بە کەبە دوو منداڵ مردوونە. سەربازگەکە دەرگاکەی زۆر کات داخراوە, هەروەها شەوان کارەبایان لەسەریان کوژاندەتەوە, ئەمانەش ئەشکەنجەی دەروونی بووە.

ئازادکردن

ئەبو ئەیمەن دەڵێت "زیندانییەکان پێنج مانگ و یانزە ڕۆژ لە سەربازگەی دووبز مانەوە" , ژنەکیش خەکی توکنە دەڵێت شەش ڕۆژ دوای لێبوردنە گشتییەکەی 6-9 لە سەربازگەی دوبز ئازاد کراون, ئتر نازانم ئەوانیش دوای بڕاو کردنەوەی لێبوردنەکە لە وەقائعی عەراقی لە ڕەکەوتی 20-9 ئازاد کراون یان زووتر, بە وتەی ئەم بڕت 12ی مانگ ئازاد کراوە.

هەژار غازی عەزیز بابە کە هەر لەو زیندانە لە دایك بووە دەڵێت "ڕۆژی 20/10/1988 ڕژێمی بەعس لێبوردنی گشتی دەرکرد و ئێمە گەڕاینەوە بە چەمچەماڵ – شەش، لە قادرکەرەمییەکان نیشتەجێ بووین"..

کە لە زیندان ئازاد کراون, زیندانیانی سەربازگەی دووبزیش وەك نگرە سەلمان بردراون بە عەربەت, دواتر دابەش کراونەتە دوو بەش, چەمچەماڵ و کەلار" رزگاری, شەش". نەرگز دەڵێت تاکو ڕەکەوتی 25-10-1988 لە سەربازگەی دووبز ماوەتەوە, ئەوان وەك سەربازگەکان دی بە چەند گروپێك ئازادکراون , ئەمان بەشی کەتایی زیندانییەکان نەبووە, وەلە پێی دەچێت تاکو کەتایی ئەکتەبەر و سەرەتای نۆڤەمبەر هەموو ئازاد کرابێتن.

سەربازگەکەش فرەشرا

هادی غەزایی کە لە شەخکانی ساڵییەو کوردە و خزمی خوالێخۆشبوو ئەحمەد موختارە کە زۆر بە ئەنفالکراوان باش بووە، دە ساڵ قایمقامی شاری دووبز بوو, وەك دەگوتریش قاعەکانی سەربازگەی دووبزی ..... دا بە کەسك بە ناوی ئەحمەد بایز, بە ..... ئەویش شیش و قاپی و جەمەلەنی بانی و پەنجەرەکانی دەردێنێ و دەیان فرۆشت, خەکیش دوایی ئەو شوێن کەلاوەکەی دەکەنە خانوو, ئێستا هیچ شوێنەواری ئەو سەربازگە گرنگە نەماوە, بەتە ماڵ و گەڕەکەکی لە سەر ئاوەدان کراوەتەوە, ئەمەش دەمانوەت سەربازگەی قەڵای نگرە سەلمان لە دووری نزیك 1000 کیلەمەتر بکرێتە مەنمەنت, کەچی ئەوەی ماڵی خەمان کاول کرا بە دەستی خەمان, ئێستا بە ملیەنان و ملیاران دۆلار هەمان سەربازگەمان بە دروست نابێتەوە؟.

عەلی مەحمود محەمەد

-_____

سەرچاوەکان:
سی دی دەسیەی ئامادەکراوی ئەنفال لە لایەن دادگای باڵای تاوانکارنەوە.
محکمە الانفال اعداد ریکار مزوری بمساعدە محامی ایاد کاکەیی
بەرنامەی بەگژنامەیی خەم لەوە بووم , تەلەفزیۆنی ئازادی,کەناڵی گەرمیان
جینۆساید لە عیراقدا ..پەلاماری ئەنفال بە سەر کورد – هیومان ڕایتس وۆچ/ میدە ئیست وۆچ چاپی سێیەم 2013 چاپخانەی کەماڵ – وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە محەمەد حەمە ساڵح تەفیق
-لە تەپخانەوە بە عەر عەر , کوردستان کەرکوك 2004 , چاپخانەی ئەفەستی
-لە تاوانی ئەنفالدا: ژنەك ویستی بمرێ,کەچی ژیا!- دلێر کەریم ڕێگای کوردستان ژمارەی تایبەت 11-4-2023
-چیرۆکی ئەو منداڵەی لە زیندانەدا لەدایکبووە2024-06-10-جەواد حەیدەری

- نەرگز لە دەزەخی ئەنفالدا عارف قوربانی 2020 چاپخانەی حەمدی